www.kurdistannet.org
03/03/2003 00:16

# ئاواتی گەورە و بچووک، گەڕانەوە بۆ کەرکووک

**مستەفا گەرمیانی**

لە بەهاری ١٩٩١ دا و، لە گەرمەی ڕاپەڕینە جەماوەرییەکەی باشووری کوردستاندا و، تەواو لە ٢١ ی ئازاردا، واتە لە جەژنی نەورۆزدا، کەرکووک (دڵی کوردستان) (قودسی کوردستان) (پایتەختی کوردستان) یش وەکو هەموو شارەکانی تر ئازاد کرا، بەڵام ئێمەی خەڵکی کەرکووک کە باجی هەموو دروشم و شەڕەکانمان لە پێش و پاش ڕاپەڕینەوە داوە و تاکوو ئێستاش نەک هەر هیچ دەستکەوتمان نەبووە، بەڵکو خەریکە شارەکەشمان لە دەست بچێت!

وا دوانزە ساڵە لە ناوخۆی کوردستاندا پێمان دەڵێن (ئاوارەی کەرکووک) ! ئێستاش مافی خۆمانە کە خۆمان مافی خۆمان دیاری بکەین و دووبارە ( دڵ و قودس و پایتەخت) ی کوردستان لە دەستی سەددام و داگیرکەران ڕزگار بکەینەوە.

دەبێ خەڵکی کەرکووک و هەموو شارەکانی کوردستان ئەم ڕاستییە مێژووییە بزانن کە ئەمە دوا فرسەتە بۆ گەڕانەوەی (ئاوارەکان) بۆ کەروکووک و گەڕانەوەی کەرکووک بۆ کوردستان! دەبێ ئەم ڕاستییە مێژووییە بزانین کە کەرکووک شادەماری ئابووری کوردستانە و، چارەنووسی هەموو خەڵکی کوردستانی باشوور بە چارەنووسی خەڵکی کەرکووکەوە گرێ دراوە و دەبێ دڵنیا بین لەوەی ئەگەر ئەم شارەمان لە دەست دەرچێ، لە حکوومەتی داهاتووی عێراقدا ناتوانین تەنانەت ئۆتۆنۆمییش بە دەست بێنین!

هەر پارتێکی کوردستانیش زیاتر بەرخۆدان بۆ ڕزگارکردنی کەرکووک بکات، ئەوا بێگومان خەڵکی کەرکووک و (ئاوارەکان) دەنگی خۆیان بەو پارتە کوردستانییە دەدەن. ئیتر کاتی دروشم نەماوە و چاوەڕوانی کردارین لە پارتە کوردستانییەکان.

هەروەکو شاعیری گەل شێرکۆ بێکەس گوتوویەتی:

*( درەنگە، درەنگە، درەنگە، درەنگە. . زۆر درەنگە*
*مێژوو ڕووی ئەکرد لە خوێن و. . وای پێ دەووت*
*درەنگە. . درەنگە. . درەنگە. . درەنگە. . زۆر درەنگە!)*

بۆیە ئێمەش دەمانەوێ ئیتر بۆ هەتا هەتایە زاراوەی (ئاوارەی کەرکووک) لە مێژووماندا بسڕینەوە و هەموومان بە یەک دەنگ لە کوردستان و هەندەران هاوار بکەین:

ئاواتی گەورە و بچووک
گـــەڕانەوە بۆ کەرکووک
ئاواتی گەورە و بچووک
گـــەڕانەوە بۆ کەرکووک

. . .

**تێبینی کوردستان نێت**:

مەرج نییە ئەم نووسینە لەگەڵ بیروبۆچونی نەتەوایەتیماندا بێت، کە بۆچونی (کوردستان نێت) ە، بەلاّم بەهۆی بڕوابوونمان بەئازادی دەربڕینەوە، بلاّویدەکەینەوە... لەگەڵ ڕێز و خۆسەویستیماندا بۆ پارێزەرانی بیری نەتەوەیی و خەباتکاری ئەم ڕێگایە.

ئەم تێبینی یە لەژێر هەموو نووسینێکدا دەنووسرێت.... ١٥-١-٢٠٠٣

www.kurdistannet.org کوردستان نێت